هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢٠/١١/٢٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٥) لە ٢٠٢٠/١١/٢٥، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریەتی زەویوزاری کریستیانەکان لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، بە ئاراستەی لە بەرچاوگرتن و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بە گشت پێکهاتەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان و سنووردانان بۆ هەر زێدەڕۆییەک کە لە ئارادا بێت:

١. وەزیری داد/ ئەندام.

٢. وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار/ ئەندام.

٣. وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ ئەندام.

٥. وەزیری گواستنەوە و گەیاندن/ ئەندام.

٦. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان/ ئەندام.

**دووەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران